
# بەشداری چالاکانەی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزب لەساڵیادی خرۆشانی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ئێراندا

ڕۆژی ١٦ ی سێپتێمبەر کە ساڵیادی کوشتنی مەهسا (ژینا) ئەمینی و خرۆشانی شۆڕشگێڕانەی ژنان و جەماوەری بێبەشی شارەکانی ئێران بوو، لە زۆرێک لە وڵاتەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئوستراليا خەڵکانی ئازادیخواز و کۆمۆنیستەکان و کەسایەتی سۆشیالیستی بە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری نمایشی نارەزایەتی و دووبارە پشتیوانی دەربڕینەوە لە جەماوەری خرۆشاوی ئێرانیان کرد.

هاوشانی هاتنە سەر شەقامی ملیۆنەها ئینسانی نارازی بە حوکمی کۆماری ئیسلامیی سەرمایە، ڕێکخستنەکانی حیزبمان لە چەندین شوێن بەشداری ئەم ڕێپێوان و کۆبوونەوانەیان کرد و وەک بەشێک لە جوڵانەوەی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی کرێکاران و جەماوەری بێبەش و ژنان لە مەیداندا ڕاوەستان.



چالاکیەکان:

## بەریتانیا:

لەمرۆژەدا ناوەندی شاری لەندەن بووە مەیدانی نارەزایەتی بەدژی رژێمی ئیسلامیی سەرمایە کە جیا لە هەڵواسینی ژمارەیەکی زۆر لە دروشم و وێنەی قوربانیەکانی ساڵی ڕابردو و وتنەوەی دروشم و نمایشی شانۆیی، ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان لە ڕێکخراوەکانی ژنان و یەکێتیە کرێکاریەکان و کۆمۆنیستەکان بە زمانی جیاجیا قسەوباسیان کرد.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان- ڕیکخستنی بەریتانیا، بەجیا لەبەشداری بە پلاکارت هەریەک لە هاوڕێیان سەوسەن سەلیم و نوری بەشیر وتەیان پێشکەش کرد. شایانی وتنە کە دروشم و چالاکیەکان بوونە جێگەی سەرنجی خەڵکانێکی زۆر کە لەوێوە تێپەڕ دەبوون.

## ئوستراليا:

به بانگەوازی چەندین کەسایەتی سۆشیالیستی لە شاری سدنی لەمڕۆژەدا کۆبوونەوە و خۆپیشاندان ئەنجام درا. هاوڕێیانی ڕێکخستنەکانی ئوسترالیای حیزب بەشداری بەرچاویان کرد و هاوڕێ حەسەن عارف وتەی حیزبی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

## سوید:




هاوڕێیانێک لە ڕێکخستنەکانی حیزب لە شاری ستۆکهۆڵم لە چالاکیەکدا بەشدارییان کرد کە دژ بە کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامی بەڕێخرا بوو و چەندین کەسایەتی کۆمۆنیست و سۆشیالیستی ئامادەی بوون. سەرەتا کۆبوونەوە لە میترۆی سلوسن دەستی پێکرد و دواتر بە ڕێرۆیشتن بەرەو مەیدانی مێدبۆریەپلاتسن بەرێکەوت. هاوڕێیانی حیزب بە لافیتەی سوور و دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) بەشدار بوون.

## ئەڵمانیا:


خۆپیشاندانی نارەزایەتی کە لەلایەن ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیستەوە ڕێکخرابوو لە شاری کۆڵن و بە بەشداری چەندین کەسی ئازادیخواز، بەشێک لە هاورێیانی ڕێکخستنەکانی ئەڵمانیا بەشدار بوون. وێڕای چەندین سرود، دروشمەکانی (بڕوخێ کۆماری ئیسلامی ئێران، حیجابی زۆرەملێمان ناوێت یەکسانی ژن و پیاومان دەوێت...) لە دروشمە بەرچاوەکانی ئەم خۆپیشاندانە بوون. هاوڕێ گەشاو ڕەحیم وتەی حیزبی بۆ پشتیوانی لە خەڵکی نارازی لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەپێناو بەدیهاتنی ئازادی و یەکسانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

**فینلاند:**



لە ساڵیادی تیرۆرکردنی ژینا ئەمینی و خرۆشانی خەڵکی ئێراندا لە ناوەندی شاری هیلسنکی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری سازدرا. هاورێیانێک لە رێکخستنەکانی حیزب بە بەرزکردنەوەی دروشم و پلاکاتەکانی حیزبەوە بەشدارییان کرد.

**کەنەدا:**




لە شاری تۆرنتۆ و لە رێپێوانێکی شکۆداردا کە هەزاران کەس لە خەڵکی ئازادیخواز یادی خرۆشانی شۆرشگێرانەی جەماوەری ئێرانیان کردەوە، هاورێیانێک لە رێکخستنەکانمان بە پلاکات و ئاڵای سوورەوە بەشداری رێپێوانەکەیان کرد.

هەروەها شایانی وتنە کە لە شاری ئۆتاواش بریارە سیمینارێک بۆ هاورێ ئاراس رەشید، بەرپرسی کۆمیتەی کەنەدای حیزب، لەلایەن پێگەی رۆشنبیری ئۆتاواوە سازبدرێت لەژێر ناونیشانی (خرۆشانی شۆرشگێرانەی جەماوەریی ئێران و دەرسەکانی)...

شکۆدارە یادی ژینا ئەمینی و خرۆشانی شۆرشگێرانەی ژنان و خەڵکی کرێکار و بێبەشی ئێران دژ بە رژێمی سەرکوتگەر و نەگریسی ئیسلامیی سەرمایە.

**رێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١٦/٩/٢٠٢٣**